# یانەی حیزب

یانەی ئەم جارەی رێکخراوی بەریتانیای حیزب تەرخان کرا بۆ میوان داری لە هاوڕێ (فلاح علوان ) رابەری فدراسیۆنی شوراو یەکیتی کرێکاریەکانی عیراق بەپێش کەش کردنی قسەو باس لەسەر( بارودۆخی ئیستای عیراق وجیگاو رێگای حزب ویەکیتی کرێکاریەکانی عیراق لەهاوکیشەی سیاسی دا).



هاوڕێ فەلاح علوان لەباسەکەیدا باسی ئەوزاعی سیاسی عیراق و سیناریووی فریووکارانەی هەڵبژاردنی کرد کە چۆن لەژیر سایەی فەزای ترس وبرینی موادی خۆراك وقەدەغەکردنی هاتووچوو و نائەمنی وتەزویردا ئەوەی ناوبرا بە(هەڵبژاردن) بەرێوە چوو ،هاوکات باسی لە شکلگرتنی شوراو یەکیتی کرێکاریەکانی عیراقی کرد دوای رووخانی رژیمی بەعس و بەتایبەتی رابەرایەتی کردن و رێکخستنی نارەزایەتێکانی کرێکاران ودەوری فدراسیۆنی شوراو یەکیتی کرێکاریەکانی عیراق ، هەروەها باسی لە قانوون کارێکی کرێکاری کرد کەلەلایەن کرێکارانی پێشرەو وە خراوەتە روو بۆ ئەوەی کە مافەکانی کرێکاران وژنان لەقانوون و دەستوردا تەسبیت بکرێ، وپشتیوانی یەکیتی کرێکاریەکانی چەندین وولاتی ئەورپا ویابان وئەمریکا وبەریتانیا ، لەبەشێکی تری قسەکانیدا باسی لەدەور و نەخشی کرێکاران وهاتنە مەیدانیان کرد وەك قوتیبێکی گرنگی بەرەی ئازادی خوازی و شۆشیالیزم کە دەتوانن لەگیرانەوەی مەدەنیت بۆ خەڵکی عیراق و ئایندەیەکی انسانی بۆ کۆمەڵگای عیراقی دەوریان بێت وە گرنگی وبایەخ دان بە پشتیوانی لەبزووتنەوەی کرێکاری لەعیراقدا .

بەشی دووەمی تەرخان کرا بۆ قسەو باس و پرسیار لەلایەن کادران و ئەندامانێك لەرابەری و لایەنگرانێك کە لەیانەی حیزب بەشداریان کرد .

.

## حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق \رێکخراوی بەریتانیا

**2005-2-20**

---

بۆ پەیوەندی بەرێکخراوی بەریتانیای حیزب پەیوەندی بکە بە(دەشتی جەمال)بەتەلەفوونی(07734704742)

www.wpiraq.net